چیرۆک



عەتا محەمەد

# کیمیای پیت



ئێستا من لەدەمەوبەیانییەکی بێ کۆتاییدا، لە شوێنێک کە هەموو شوێنەکانە، دەمەوێت چیرۆکێکی سامناک لە بارەی بێ کۆتاییبوونەوە بگێڕمەوە، چونکە ئەو چیرۆکەش بێ کۆتایە و بەم شێوەیەیە:

پاش شەوێکی درێژ لە بێخەوی ناو کتێبەکان، مامۆستا محەمەد ئەمین، کە بەتەنیایی و بێدەنگییە سامناکەکەی ناسراوە، توانیی بگاتە"دال"ی رەها، "دال"ێک کە هەموو مەدلولێک لەخۆی بگرێت، بەو پێیەی هەموو وێنەکانە و تەنها خەیاڵ توانای ئەندێشەکردنی ئەو "دال"ە سامناکەی هەیە، کە لەیەک کاتدا هەموو شتەکان دەبنە سێبەری یەکتر و هەر وێنەیەکیش حەقیقەتی وێنەیەکی ترە. وەک درەختێک بێ کۆتا سێبەری ئەم بێت و ئەمیش بێ کۆتا سێبەری چیا بێت و چیاش سێبەرێکی بێ کۆتای ئاو بێت و ئەم بازنە ئەفسانەییە، بێ کۆتا بەسەر خۆیدا بچەمێتەوە و دووبارە بێتەوە، بێ ئەوەی وێنەیەکی حەقیقی بمێنێت و هەموو وێنەیەک دەبێتە سێبەری وێنەیەکی تر.

ئەگەر بمانەوێت ئەندێشەی "دال"ی رەها بکەین، ئەوا وەک ئەوە وایە لە توانامانـدا بێت، ئەندێشە و وێنای ئەو پیتە بکەین، کە لەیەک کاتدا هەموو پیتەکانە، وێنەی هەموو پیتەکان و دەنگی هەموویان لەودا دەزرنگێتەوە و لە سەردەمانێکی زووەوە بە "پیتی پیرۆز" ناسراوە و هەندێ کەسیش بە "کیمیاگەرانی پیت"ناسراون، گەشتن بەو پیتەیان داوە.

بەڵام پێش ئەوەی پرسیاری ئەوە بکەین کە مامۆستا محەمەد ئەمین کێیە، دەمەوێت بەیادتی بهێنمەوە ئەو، هەر ئەو کەسەیە کە لەساڵی ١٩٧٨دا تەنها کۆمەڵە چیرۆکێکی چاپ کرد، بەناوی "ئەبێ و نابێ رایەکی زمانەوانییە" و ئیتر هەوڵی دا جۆرێکی تر لە نووسین بدۆزێتەوە، کە ئەویش بێدەنگییە و لەوە بەدواوە و لەو بێدەنگییە کوشندەیەدا، زۆر کەس، خۆی و کتێبەکەی فەرامۆش

کرد. ئەویش نەک لەبەرئەوەی لە زەخمی رووداوەکان ونبوون، بەڵکو لەبەرئەوە فەرامۆش کران، چونکە ئەو جگە لە وەهم، کەسێک نەبوو بە واقیعی. ئەو هیچ نەبوو جگە لە بەرجەستەبوونی مانای ئەو دێرە شیعرەی مەحوی کە دەڵێت:

**بە ضایع چوو لە (ما لا یەعنی) یا وەقتم هەموو، یەعنی**

**دەبێ وەقتێ لە (بوالوقت)ێ بخوازم تا تیا بمرم**

دەتوانم بڵێم ئەو "مەبەست لە مامۆستا محەمەد ئەمینە، نەوەک کەسێکی تر لەوانەی دەیانەوێت بە -زمانی بێدەنگی- دوا کتێبی خۆیان بنووسنەوە"، بەرجەستەبوونی مانای ئەو دێرە شیعرەی مەحوییە، کە لە ساتێکدا فۆرمێکی دیاریکراو لە شێوەی مامۆستا محەمەد ئەمین دەیگرێتە خۆی و بەهێمنی، وەک ئەو هێمنییە سامناکەی لە دێرە شیعرەکەدایە، بە ژیاندا رێ دەکات..

دەبوو پێشتر ئەوە بڵێم کە بوون بەشیعر، نهێنی هەریەکێک لەوانەیە کە دەگەنە دالی رەها. هەر چۆن مەحویش بەرجەستەبوونی شیعرێکی تر بووە و نامەوێت لێرەدا ئاشکرای بکەم.

لەوانەیە ئەم "شیعربوون"ش نهێنی ئەو بوونەوەرانە بێت کە لە"لەبیرچونەوە"مان نیشتەجێ دەبن و یادەوەریمان زەفەریان پێ نابات.

بەهەرحاڵ لەو شەوە هێمنەی ناوکتێبەکاندا، پاش ماوەیەک لە تێفکرین، مامۆستا محەمەد ئەمین توانیی نووسخەیەکی تری دیوانەکەی مەحوی لە کتێبخانەکەی دەربهێنێت.. کە ساڵانێک لەوەوبەر وتارێکی لە بارەی مەحوی و بوونگەراییەوە نووسیبوو، کە بووبووە مایەی قسە پێوتنی، نەوەک تەنها لەلایەن چەپەکانەوە، بەڵکو ئەو جوانی کوژانەش کە لە هەموو سەردەمەکاندا بەچەندین دەمامکەوە دەردەکەون.. ئەو نوسخەیەکی تری ئەو کتێبە و نوسخەیەکی تر.. تا بێ کۆتا نوسخەی تری دیوانەکەی مەحویی لە

کتێبخانەکەوە دەرهێنا، چونکە کتێبخانەکە بووبووە بێ کۆتا. دوای ئەوە دەستی برد و لە کتێبی (حیاه الحیوان الکبری)ی کەمالەدین محەمەدی دومەیری کە لە قاهیرە بەرگدروو بووە و ساڵی ٨٠٨ی کۆچی مردووە، بێ کۆتا ئاژەڵی سەرسامکەری تری دەرهێنا، کە زۆریان لە کتێبەکەدا نەبوون، چونکە خەیاڵیش هیچ مەودایەکی نەمابوو.

پاشان توانیی نوسخەیەکی تری خۆی لە ژوورەکەدا دروست بکات.. نوسخەیەکی تر نووسخەیەکی تر و نووسخەیەکی تر.. تا بێ کۆتا.. چونکە خۆی بووبووە بێ کۆتاییەکی ئەندێشە نەکراو. دوای ئەوە پەنجەرەی ژوورەکەی کردەوە ، کە لە راستیدا کردنەوەیەکی بێ کۆتاییانەی پەنجەرە بێ کۆتاییەکە بوو، تا سەیری گەڵامێوەکەی حەوشەکە بکات، کە هێشتا رووناکی لەسەر گەڵێکانی نەنیشتبوو. لەوێدا باڵندەیەکی بێ کۆتایی بینی لەسەر گەڵامێوە بێ کۆتاکەی ئەو بەیانییە بێ کۆتایە هەڵنیشتبوو. ئیتر دڵنیابوو ئەمیش "پیتی پیرۆز"ی ونبووی خۆی دۆزیوەتەوە، کە ساڵانێک بوو بە دوایدا دەگەڕا. با جارێ باسی ئەو وەستانی بەیانییە واز لێ بهێنین و بەدوای ئەودا نەڕۆین کە مامۆستا محەمەد ئەمین لە پەنجەرەکە دەگەڕێتەوە، چی دەکات؟ ئایا دەچێتەوە سەر نووسین، یاخود دەچێتە دەرەوەی ژوورەکە؟ بۆ ئەوەی باسی دۆزینەوەی ئەو پیتە بکەین، کە لەو بەیانییەدا گەیاندییە بێ کۆتایی. پیتێکی پیرۆز، کە هەموو سیحر و نهێنییەکی لەخۆیدا حەشارداوە و مرۆڤە راستەقینەکان بەدوایدا دەگەڕێن.

ئەگەر بمەوێت لەبارەی پیتی پیرۆزەوە بدوێم کە ئەو بەیانییە بێ کۆتاییەی خولقاند، ئەوا دەبێت بگەڕێمەوە سەر بیروباوەڕی ئەوانەی بە کیمیاگەرانی پیت ناسراون و لەسەردەمانێکدا و لەناوچەیەکی نزیک لێرە، کە تۆ ئەم بەسەرهاتەی

تیا دەخوێنیتەوە، ژیاون و جۆرێک لە بڕوای سەیریان هەبووە. ئەم دەستەیە لەو باوەڕەدا بوون کە هەر ئەبجەدییەک، جیا لەو پیتە زانراوانەی پێکیدەهێنێت، پیتێکی نادیاری هەیە، کە هەر کەسە و بە ڕێگەیەک دەتوانێت بیدۆزێتەوە. پیتێک کە لە یەک کاتدا هەموو پیتەکانە و گەیشتنیش بەو پیتە، ئەگەرچی ڕێگەیەکی سەخت و پڕ لە مەشەقەتی دەوێ، گەیشتنە بە ناکۆتا، چونکە لەو پیتەدا، ڕاستەقینەترین کتێب/جیهان حەشار دراوە، کتێبێک کە دارستان و چیا و بیابان و خۆشنودی و مێرگ و... هەموو شتە جوانەکان، بە حەقیقی بەرجەستە بوون و کەسێک کە دەگاتە ئەو کتێبە، ئاستەمە لە سیحری جوانیی ژیانی ناو کتێبەکە بێتە دەرەوە. هەربۆیە ئەوانەی پیتی خۆیان دەدۆزنەوە و دەگەنە سەرزەمینی ئەو کتێبە ئەفسوناوییە، ئیتر ڕێگەی گەڕانەوە فەرامۆش دەکەن و بۆ هەتاهەتایە لە جوانیدا بێدەنگ دەبن، چونکە گەشتوونەتە سەر زەمینی یۆتۆبیا.

ئەو دەمەوبەیانییەش، دێڕە شیعرەکەی مەحوی، کە لە شێوەی مامۆستا محەمەد ئەمیندا بەرجەستە بووبوو، گەشتە سەر زەمینی بێ کۆتایی ئەو پیتە جادووییە، سەرزەمینی ئەفسانەی وێنەکان. کاتێکیش لەبەردەم پەنجەرەکە گەڕایەوە، ویستی بەسەرهاتی ئەو بەیانییە بنووسێتەوە و بەوردی باسی ئەو سەرزەمینە سەیر و نامۆیە بکات کە پێی گەشتووە، بەڵام جگە لە پیتێک زیاتری نەنووسی، کە ئەویش ئەو پیتە پیرۆزە بوو، هەموو پیتەکانی تر ڕووداو و بەسەرهاتەکانی لە خۆیدا حەشار دابوو، کە بۆ خوێندنەوە و کردنەوەی تەلیسمەکانی، دەبێت هەر یەکێکمان ئەو سەفەرە سەختە بکات بەدوای پیتی پیرۆزی خۆیدا. وەک پێی هەستام و ئەو ڕێگە سەختەم گرتەبەر و ئێستا لەم دەمەوبەیانییە بێ کۆتاییەدا، لەو پیتە بێ کۆتاییە ڕاماوم کە "ئەو" لەسەر لاپەڕەیەکی بێ کۆتا نووسیویەتی، تا ئەم چیرۆکە بێ کۆتایە بگێڕمەوە.